# چەند ڕاستییەک لە ئۆکسترای ژێداری کوردەوە

## وەڵامێکی کورت بۆ زۆزک قەرەداغی

**ئۆکسترای ژێداری کورد**

وەک هەموو لایەک ئاگادارن لە سەرەتای مانگی ٢٠٠٧/٧ ئۆرکسترایەک دروست بوو لە ژەنیارە باشەکانی شارەکانی کوردستان بەناوی (ئۆکسترای ژێداری کورد) کە توانی لە ماوەیەکی زۆر زۆر کەم دا ئاستێکی بەرزو باڵا بنوێنێت و توانی لە فێستیڤاڵی لاوانی جیهانی بۆ موزیکی کلاسیک دا پلەی (دووەمی نایاب) بەدەست بهێنێت.

جێی باسە ئەو فێستیڤاڵە بە سێ قۆناغدا تێپەری.

قۆناغی یەکەم:قۆناغی فۆرم و CD و CV پێشکەش کردن.

قۆناغی دووەم: قۆناغی تاقیکردنەوەی تیپی وڵاتە هەڵبژێرراوەکان بۆ فێستیڤاڵ بوو کە هەر جۆرە تیپێک کاری یەکێک لە دانەرە موزیکییە کلاسیکییە جیهانیەکانی بۆ کراوەتە مەرج، بۆ تاقیکردنەوەو پێشبرکێ، بەڵام لێرەدا جێی باسە جگە لە کارە خوازراوەکە کە مەرج بوو، داوا دەکرێت لە هەر تیپێک چەند کارێکی تر نمایش بکەن بە مەرجێک لە (٢٠-٢٥) دەقیقە زیاتر نەبێت و لێژنەی باڵای فێستیڤاڵەکە پێشنیار دەکەن بە مەبەستی یەکتر ناسینی کەلتووری نێوان تیپی وڵاتە بەشداربووەکان جگە لە کارە خوازراوەکەی خۆیان بۆ تاقیکردنەوە کارێکی خۆماڵیی تیپە بەشداربووەکە لە چوارچێوەی (٢٠ – ٢٥) دەقیقە بژەنرێت.

قۆناغی سێهەم ئەو تیپانەی پلەی بەرچاو بەدەستدەهێنن وەک ڕێزێک داوایان لێدەکرێت کارێکی خۆیان بە ویستی خۆیان دەست نیشان بکەن، تا لە (Golden hall) نمایش بکرێت کە (بەناوبانگترین هۆڵی موزیکی دنیایە) بە مەرجێک کارەکە لە (٦) دەقیقە زیاتر نەبێت.

ئێمە وەک (String Orchestra) بەشداریمان کرد بۆیە کارە موزیکی داواکراوەکەی فێستیڤاڵەکە بۆ (String Orchestra) بریتی بوو لە (Divertimento)ی (١٣٨ KV)ی (FM)ی (مۆزارت) (Mozart) کە دەبوایە ئەم کارە لەلایەن (String Orchestra)وە بە ئیجباری ئامادەو پێشکەش بکرایەو پێشبرکێکە لەسەر ئەم کارە بوو.

لێرەدا حەز ئەکەین ئاماژە بەوە بدەین کە ئێمە تەنها دوو مانگ پێش فێستیڤاڵەکە زانیمان و خۆمان وەک ئورکسترا کۆکردەوەو کە فۆرمی فێستیڤاڵەکەشمان پرکردەوەو لەگەڵ CD و CV دا ناردمان ئەو کاتە بۆمان دەرکەوت کە کاری داواکراو بۆ (String Orchestra) بریتییە لە (Divertimento)ی مۆزارت KV ١٣٨ FM بۆیە زۆر گەراین ئەو کارەمان بە نۆتە دەستنەکەوت تاکو بەڕێز دڵشاد عوسمان لە ڤیەننا کری و ناردیەوە ئێمە تەنها یەک مانگ و نیو پرۆڤەمان کردو توانیمان ئەو پلەیە بەدەست بهێنین، دڵنیاین گەر ئەمساڵ هەمان ستاف و ئۆکستراو هەمان (رابەر) (مایسترۆ) بڕۆنە ناو فێستیڤاڵەکە زۆر زۆر نزیکە (یەکەم) ببین چونکە لەبەر ئەوەی ئێستا ٨ مانگی ماوە بۆ فێستیڤاڵەکە دەزانرێت کە پێشبرکێکە لەسەر (Divertimento) مۆزارت بەڵام (١٣٧ KV)ی (B٦M)وە جا بۆ بەدەستهێنانی پلە ئەمساڵ ئاسانترە لە پار.

پێشتر وەک ئاماژەمان پێدا کە لە فێستیڤاڵەکەدا هەر تیپە بۆی هەبوو جگە لە کارەکەی (مۆزارت) (٢٠ - ٢٥) دەقیقە لە بەردەم لیژنەی هەڵسەنگاندندا نمایشی خۆی بکات و بۆ تەواوکردنی (٢٠ - ٢٥) دەقیقەکە نەبەز حەمە ڕەشید وەک مایسترۆی ئورکستراکە سریناوی مۆزارت، شوشانیکی میژۆیان-ی دەستنیشان کرد لەگەڵ کارەکەی زۆزک ئەحمەد قەرداغی وەک کارێکی کوردی بە مەبەستی ئاڵوگۆری کلتووری نێوان وڵاتان و دواتر بۆ گەیشتن بە (٢٥) دەقیقە کارێکی تری (زۆزک قەرەداخی)ی دانا بەناوی (یەکەمین خەیاڵ).

کە بە ڕاستی (نەبەز حەمە ڕەشید) زۆر ماندوو بوو بۆ دەستنیشان کردنی کارە کوردییەکە لەبەرئەوەی ئێمەی کورد دانەری موزیکی ئەکادیمیی وامان نییە کە کارەکانی گوزارشت لە کوردییبوون بکات و ئەوەی کاری واش دەکات ئەماتۆرە (هاوییە)، ئەوە بوو زۆزک قەرەداخی چەندین کاری خۆی بۆ هێناین تاکو کارێکی هەڵبژێرین سەرەتا کارەکانیمان لا پەسەند نەبوو، بەڵام دواتر زۆر داوای کردو لەو ساتەشدا کاری بەدیلمان لە بەردەست نەبوو، بۆیە بۆ گەیشتن بە (٢٥) دەقیقە بە ناچاری کاری ترمان دەستنەکەوت بەو پەلە پەلە دوو کاری زۆزک قەرەداخییمان هەڵبژارد.

بەداخەوە کە حەزمان نەدەکرد ئەم ڕوون کردنەوەیە بۆ زۆزک قەرەداخی بنووسین و وەڵامی بدەینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ژمارە ٢٩/ ئابی/ ٢٠٠٧ ی گۆڤاری شاکاردا چەند پرسیارێکی زۆر سەیر لە خۆی دەکات، کە نازانین زۆزک ئەوەندە بابایەکی سادەو بیرتەسکە یان بە دەستی ئەنقەست وا ئەکاتو ئەیەوێت ئامانجێکی دیاریکراو بپێکێت. ئەو دەڵێت: ـ

١- هۆکاری پێشکەشنەکردنی دووەم بەرهەمی (یەکەمین خەیاڵ) چی بوو؟ ئەڵێت من زیاد لە (٧) نوسخەم ناردووەو دەڵێن نەگەیشتۆتە ڤیەننا.

٢- ئێمە تاقیکردنەوەمان کرد لەسەر چوار بەرهەم کە یەکێکیان سەمای کوردی (١) زۆزک قەراغی بوو، ئایا ئورکسترای ژێداری کورد بەو موزیکەی من پلەی دووەمی بەدەست هێنا یان بە هەر چوار بەرهەمەکە؟ ئەشێت ئەم وەڵامە بزانرێت.

٣- ئایا لە نمایشی دوارۆژی گروپەکانی ئوکسترادا لیژنەی هەڵسەنگاندنی فێستیڤاڵ ئەم کارەی زۆزک قەرەداغیان هەڵبژارد بۆ دواین نمایش؟

یان بەهۆی پلەی یەکەمەوە ئەم بەرهەمە دانرا؟!!

جا ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین:

سەرەتا تۆ تەمەنت ڕێگەی نەدەدا بەشداری ئەم سەفەرو فێستیڤاڵە بکەیت چونکە عازف دەبوایە تەمەنی لە ٢٦ ساڵەوە بوایە، بەڵام بە هەوڵی زۆری (نەبەز حەمە ڕەشید) تۆو چەند برادەرێکی تر وەک عازف دانران کە دواتر لە پرۆڤەکاندا جەنابتان وەک عازف بەرگەی شێوازی توندی پرۆڤەکەی (نەبەز حەمە ڕەشید)تان نەگرت و زۆر هەوڵتان دا عەزف نەکەینو وەک دانەری موزیک ببێت، بەڵام نەدەکراو هەرچەند مایسترۆ لەسەر ئاستی جارانت تۆی هەڵسەنگاندبوو بەشداری پێکردیتو گیری خواردبوو بەدەست ترس و عەزفتەوە کە وەکو شەقشەقە ئەلەرزیت کاتێک ماددەکانی لێدەپرسیتەوە. سەبارەت بە پرسیارت لەسەر ئەوەی بۆ بەرهەمی (یەکەمین خەیاڵ)ت پێشکەش نەکرا؟ وەڵامان ئەوەیە کە تۆو هەموو لایەک وەزعی عێراق و کوردستان دەزانن کە پارێزراو وجودی نییەو لە ولاتانی دی چ مافێک هەیە بۆئەو مەبەستە، هەر بۆیە دەبوایە پرۆگرامەکەمان بە نۆتەی ئەصلی یان دەستنووس بناردایە، پاشان خۆت باش دەزانیت کە سەقفی زەمەنی هەبوو بۆ ناردنی پرۆگرامەکە بۆ لیژنە کە لەوەشدا ئێمە بەداخەوە تاکە تیپ بووین چەند جار داوای گۆڕینی بەرهەممان کردووەو هی تازەمان ناردووە، وابزانم (٣) جار ئەم کاری ناردن و گۆڕینەمان کرد، کە کاک سەفین و کاک دڵشاد باش دەزانن، پاشان کە گەیشتینە ڤیەنناو لە کۆبوونەوەی مایسترۆکان بۆمان دەرکەوت بۆمان هەیە جگە لە (Divertimento)ی مۆزات KV ١٣٨ FM (شوشانیک و سرینتادی موزارتو سەمای کوردی زۆزک لێ بدەین).

لەبەر ئەوە دڵنیابە کە دەست نەبووە لە پشت پێشکەش نەکردنی (یەکەمین خەیاڵ) چونکە گەر دەست بوایە نەدەهێڵدرا بەرهەمی (سەمای کوردی)یەکەشت نمایش بکرێت و گەر خۆت وتەنی لەمەولا تۆ ناسراویت و بەهۆی مادەکەی تۆوە ئەو پلەی دووەمییە دراوەتە ئورکستراکە وەیا گەر تۆ ناسراویت و لەکاری هونەریدا توانایەکی تایبەتت هەیە بۆ بەرهەمی یەکەمین خەیاڵت پێشکەش نەکرا؟!

بەڵام ئەو وەڵامەت بۆیە دەدەینەوە، چونکە زۆر کەس کاری نووسینت بۆ دەکاتو تۆ بەناوی خۆتەوە بڵاوی دەکەیتەوە، هۆکاری نمایش نەکردنی (یەکەمین خەیاڵ) دەگەڕێتەوە بۆ زۆری گۆڕینی پرۆگراممان و درەنگ ناردنی نۆتەی کارەکەو زۆر دەرچوون لە سەقفی زەمەنیی دیاریکراو.

سەبارەت بە پرسیاری دووەم کە ئایا لەسەر بەرهەمەکەی تۆ پلەی دووەم بەدەست هاتووە، لە درێژەی ئەم نووسینەدا باس لەوە کراوە کە پێشبرکێکە لەسەر کارەکەی (Divertimento)ی (مۆزارت) KV ١٣٨ FM بووە نەک کارەکەی تۆ، چونکە پێشبرکێی کلاسیک بوو نەک هی تر.

سەبارەت بە وەڵاممان بۆ سێهەمین پرسیارت ئایا لیژنەی هەڵسەنگاندن کارەکەی تۆیان هەڵبژاردووە یان بەهۆی پلەیەکەوە کارەکەی تۆ لە (Golden hall) نمایش کرا؟

دوا وەڵاممان کاک زۆزک گیان بەرهەمەکەی تۆ نە لیژنەی هەڵسەنگاندن هەڵیبژارد تا لە (Golden hall) نمایش بکرێت و نە بەهۆی پلەی یەکەمەوە بوو بەڵکو لە کۆبوونەوەی دووەمی مایسترۆکان دوای پێشبرکێکە لە کۆبوونەوەکە بە مایسترۆی تیپەکان وترابوو، ئەو تیپانەی کە ئەنجامیان بەدەستهێناوە بۆیان هەیە کارێک بە ئارەزووی خۆیان هەڵبژێرن تا لە



زۆزک قەرەداغی

کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا لە (Golden hall) وەک ڕێزێک و شەرەفێک لەو تیپە بە توانایانەی ئەنجامیان بەدەستهێناوە نمایش بکرێت. بەڵام بە مەرجێک لە (٦) دەقیقە زیاتر نەبێت ئەوە بوو (نەبەز حەمە ڕەشید) بیری لەوە کردەوە کە لەم هۆڵەدا زۆر کاری مۆزارت و بتهۆڤن و کاری دانەری کلاسیکی ئەوروپی و جیهانی نمایش کراون گەر کارەکەی (شوشانیک ـ میزۆیان) دابنێت ڕاستە کارێکی گەورەو زۆر جوان و تێرو تەسەل بوو لەرووی هارمۆنییەوە، بەڵام دواجار ئەو کارە هی دانەرێکی ئەرمەنییە بۆیە وا بیری کردەوە کە کارەکەی زۆزک هەڵبژێرێت بۆ نمایشی (Golden hall)، تا وەک مێژوو بۆ کورد تۆمار بکرێت کە کارێکی موزیکی کوردی و ئوکسترایەکی کوردی لە (Golden hall) نمایش کراوەو هەرچەند کارەکەی کاک زۆزک تەنها (٣) دەقیقە بوو ئورکستراکەمان لەو نێوەندەدا (٣) دەقیقەی تری دەفەوتا، بەڵام لەبەر مێژوو ئەوەمان کرد هەرچەندە لە ڕۆژی جەنەراڵ پرۆڤەی (Golden hall) کە بۆمان دەرکەوت ئورکستراکانی تر کاری (بتهۆڤن و مۆزارت) یان هەڵبژارد بوو کە ئاستی هونەری بەراورد ناکرێت لەگەڵ کارەکەی زۆزکدا ئەوە بوو لەو کاتەدا هەموومان وەک ئورکسترا بریارمان دا کە هەوڵی گۆڕینی کارەکەی زۆزک بدەین، بەڵام دواتر بەڕێوەبەری هونەری (Golden hall) دوای چەند جار هەوڵدانی ئەوە بوو داوای لێ بووردنی کرد کە تازە دەلیلی عەرزەکە چاپ کراوەو دەرفەت بۆ گۆڕینی کارەکە نەماوە ئەوە بوو بەپەلە ئورکستراکە کۆبووینەوە بریارمان دا کارەکەی زۆزک مادام تازە ماوەی گۆڕینی نەماوە هەوڵبدەین بە هێزێکی گەورەوە نمایشی بکەین و (نەبەز حەمە ڕەشید) ورەی بەرز دەکردینەوەو پێیدەوتین کە هێزمان بکەینە (١٠) ئەوەندە، جا ئەمە وەڵامی پرسیارەکانتە، (نەبەز حەمە ڕەشید) کارەکەی تۆی دانا بۆ (Golden hall) نەک لیژنەو پلە، بەڵام دەبوایە جەنابت زۆر سوپاسی (نەبەز حەمە ڕەشید) و هەموو ژەنیارانی ئورکسترای ژێداری کوردت بکردایە کە بە جوانترین شێوە کارەکەتیان نمایش کردو ناوی خۆیان و تۆشیان خستە مێژووەوە، چونکە (سەمای کوردی) پێشتر لە فێستڤاڵی ساڵانەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەرابەری (ئارێز عومەر) و لە کۆنسێرتی تایبەتی کەمانچە ژەن (زانا جەلال) هەمان کار نمایش کراوە، بەڵام نەبۆتە جێی سەرنج و باسی کەس تا ئورکسترای ژێداری کورد بەرابەری نەبەز حەمە ڕەشید نمایشی نەکرد.